# لیۆ تۆلستۆی

(1828-1910)

و/هێمن مەحمود – دەربەندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

(لیۆ تۆلستۆی) بەیەکێك لە گەورە بلیمەتە هاوچەرخەکان دادەنرێت،ئەمە جگە لەوەی کە ئەدیب بوە و ڕۆمانەکانی لە ڕۆمانە گەورەکانی ئەدەبی جیهانین، زۆرێکیش وەك بیرمەندێك وفەیلەسوفێك وچاکسازێکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانن.

(تۆلستۆی) لە 19ی سێپتەمبەری 1828 لە گوندێکی بچوك بەناوی ( یاسنایا بولیانا)لە نزیك شاری مۆسکۆ لەدایکبوە.

کاتێکیش منداڵبوە دایك و باوکی مردووە وخاڵۆکانی ئەرکی پەروەردەکردنیان گرتۆتە ئەستۆ،سەرەتاکانی خوێندنیشی لەسەر دەستی مامۆستا تایبەتیە بیانیەکان بوە.

لەساڵی 1844 پەیوەندی دەکات بەزانکۆی (کازان) ەوە.

بەڵام هەر زوو لەشێوازی وتنەوەی وانەکانی مامۆستاکان بێزاربوو کاتێك بابەتە زانستییەکانیان شیدەکردەوە،هەربۆیە خوێندنەکەی جێهێشت بەرلەوەی تەواوی بکات ولەساڵی گەڕایەوە زێدی لەدایکبونی .

(تۆلستۆی) بۆ فێرکردنی خۆی پەنای بردە بەرخۆی، هەربۆیە چەندین کاتژمێر لەناو سەرچاوەکانی زانست و مەعریفەدا ڕۆدەچوو،لەم ماوەیەی ژیانیشیدا سێ ڕۆمانی نوسی بەناوەکانی (منداڵی) و(مێرد منداڵی) و(گەنجێتی).

ساڵی 1853 کاتێك تەمەنی 25 ساڵانبوو،وەك خۆبەخشێك ڕۆشتە سوپای ڕوسیاوە کە لەناوچەی قەوقازدا بوو وە وە لەنێوان ساڵانی 1853-1856بەشداری شەڕی(قەرەم)ی کرد.

لەشەڕێکیشدا بەناوی (سیڤا ستوبول)ئازایەتیەکی بێ وێنەی پیشاندا،سەرەڕای ئازاییەتیەکەشی کەچی تۆلستۆی ڕقی لە شەڕەکان بوەتەوە و ڕقیشی لەوەبوە سەرکردەکانی شەڕ بە پاڵەوان وەسفبکرێن.

ساڵی 1863 چیرۆکی (القوقاز) دەنوسێ کە باس لە ئەزمونی خۆی دەکات لە شەڕەکاندا،لە چیرۆکەکەدا (ئۆلیڤییە)ی ئەرستۆکراتی کە کەسایەتییەکی سەرەکییە سەرسامی خۆی دەردەبڕێت بەو ژیانە ئازادەی کە خێڵە قەوقازییەکان بەسەریدەبەن.

دوای ئەوەی وازی لەسوپا هێنا،تۆلستۆی سەفەری ڕۆژئاوای ئەوروپای کرد،لەوێ شێوازەکانی وانەوتنەوە و ڕێگاکانی پەروەردەکردن فێربوو.

کاتێکیش گەڕایەوە گوندەکەی خۆی،خوێندگایەکی بۆ منداڵە هەژارەکان کردەوە و بۆ ڕێگاکانی فێرکردنیش پشتی بە ڕێگا سەلیمەکان بەستبوو کە لە سەفەرەکەیدا فێریبوبو.

بۆ ئەوەش کە ئەم ڕێگایە گشتگیر بکات لە بواری فێرکردندا و بگات بەناوچەکانی دیکەی ڕوسیا،تۆلستۆی بلاوکراوەیەکی بەناوی (یاسنایا بۆلیانا)دەرکرد.

## کارە ئەدەبییەکانی

ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) بەحەق،جوانترین ڕۆمانێکە تۆلستۆی نوسیبێتی،ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی تەواوەتی و کۆتایی ساڵی 1869 بلاوکرایەوە.

ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەیەکی مێژوویی پێنج خێزانی ڕوسییە کە بەقوڵایی ئەزمونە ئینسانییەکان و قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا تێدەپەڕن کە ئەوانیش لەدایکبون و پێگەشتن و گەشەکردن وهاوسەرگرتن وخستنەوەی منداڵ و گەورەبونی تەمەن تاوەکو پیری وله کۆتاییشدا مردنن.

هەروەها ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی بەڕۆمانێکی مێژوویش دادەنرێت ،چونکە باس لەو ڕوداوە سیاسی و سەربازییانە دەکات کە ئەوروپا لە ساڵانی 1805 تا1820 پیایدا تێپەڕیوە،بەتایبەتیش داگیرکردنی ڕوسیا لەساڵی 1812 لەلایەن ناپلیۆنەوە.

لەم ڕۆمانەدا تۆلستۆی ڕەفزکردنەوەی تیۆرەی پیرۆزکردنی پیاوی گەورەی لە مێژوودا ڕاگەیاند،تاوەکو ئەو شوێنەش دەڕوات کە بڵێت بە پێچەوانەی بڕوای زۆر کەسەوە کەسایەتییە گەورەکان یاخود پاڵەوانەکان شوێن دەستی کاریگەر بەسەر ڕوداوەکانی مێژووە جێناهێڵن.

دواتر کارە ناوازەکەی دیکەی (ئانا کارنینا) بەچەند بەش لەساڵی 1875 تاوەکو ساڵی 1877 بڵاوکردەوە.

ڕۆمانەکە باس لەخیانەتی ئەمیرەیەکی ڕوسی دەکات بەناوی (ئانا) لە پیاوەکەی(کارنین).

ڕۆمانەکە بەووردی باس لەو پەیوەندییە ڕۆمانسیەش دەکات لەنێوان(ئانا) و کۆنسە(فیرنسکی)،هەروەها هەریەك لەو دوانەش بێزاری خۆیان لەبیروبۆچونەکانی توێژە ئەرستۆکراتیە خۆشبەختەکە دەردەبڕن.

کۆتایی ڕۆمانەکەش بە خۆکوشتنی پاڵەوانەکە(ئانا)کۆتایی دێت ئەویش بەهۆی ئەو ئاستەنگە گەورانەی کە دێتە ڕێگای پەیوەندییەکانیەوە.

بەڵام ڕۆمانی (ئانا کارنینا) هەر بەتەنها چیرۆکی خۆشەویستیەك نیە،بەڵكو ڕەگەزی کارەساتباویشی تیادایە ،تەنانەت گێڕانەوەیەکی قوڵی مەسەلە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی وئەخلاقیەکانی ڕوسیای قەیسەریی و توێژە ئەرستۆکراتیەکەشیەتی لەهەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا.

لەو مەسەلانەش بۆ نمونە ڕەفتاری دوو ڕوویی توێژە خۆشنودەکە لەبەرامبەر خیانەتی هاوسەرێتیدا و ڕۆڵی ئیمانیش لە ژیانی مرۆڤدا.

ئەم ڕۆمانە لەڕێگای بیرکردنەوە و کردارەکانی (لیفین) ەوە کە کەسایەتیەکی میحوەری دوهەمە لەڕۆمانەکەدا چەند مەسەلەیەکی وەها دەخاتە ڕوو کە لەهەمانکاتدا تەعبیر لە بیروبۆچونەکانی تۆلستۆیش دەکات.

دوای ئەوە تۆلستۆی گەشتێك بە ژیانیدا دەکات و لەماناکانی و ئامانجەکانی ووردەبێتەوە.

هەموو ئەو پرسیار و سەرسوڕمان وئازارانە لە ڕۆمانێکی تازەیدا لەساڵی 1882 بەناوی(دانپیانانەکانم) بڵاودەکاتەوە.

تۆلستۆی بەردەوامبوو لە تێڕامانی وجوودا،هەموو ڕەخنەگرتنێکی کەنیسەی ڕوسیشی لەم لایەنە فەلسەفیەوە پشتگوێخست.

لە کتێبێکیشیدا بەناوی(مملكة اللة مقرها في داخللك) ڕای خۆی دەخاتە ڕوو،بڕواشی وەهایە کە پێویستە لەسەر مرۆڤ ڕوکارە خێرەکەی هەناوی خۆی بدۆزێتەوە و چاوەڕێنەکات تا دەردەکەوێت.

هەروەها بڕواشی وەهابوو کە توندوتیژی چەکێکی لاوازە کە هیچ حوجەتێکی نیە،بەڵام لێبووردەیی و مشتومڕێك کە لەسەر ڕێزگرتنی بەرامبەر دروستببێت،ئەوە هێزی حەقیقەتە وهەر ئەوەش پێویستە بڵاوبێتەوە.

لەساڵی 1898 تۆلستۆی کتێبی(هونەر چیە؟)ی نووسی،لەم کتێبەشدا تیۆرەی(هونەر بۆ ژیان)ی دارێژا، کە ڕەهەندێکی ئاینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بەهونەردا.

بەم پێوەرانەش تۆلستۆی حوکمی لەسەر زۆرینەی کارەکانی یەکەمجاریدا بەوەی کەوا(هونەرێکی ئەرستۆکراتیانە بوە) کە بێ هیچ مەبەستێك نوسراوە و دووربوە لە ئیدراك و تێگەیشتنی مرۆڤێکی سادەوە.

دواتر تۆلستۆی دەستیکرد بەنوسینی چەند ڕۆمانێکی تازە کە تیایدا پاڵەوانەکانی لە کەسە هەژارە سادەکان بوو،نەوەك نەبیل وئەمیرەکان ئەوانەی کە پێشتر بەدرێژی لەسەری نووسیبون.

لەساڵی 1886 تۆلستۆی چیرۆکێکی بەناوی(مردنی ئیڤیان ئالیش) نووسی،کە تیایدا چیرۆکی جوتیارێکی هەژار دەگێڕێتەوە لەسەرە مەرگدا بەهۆی نەخۆشییەوە ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە کە چەندێك خاڵی بوە لە کاری چاك.

ڕۆمانی(البعـث) بە گەورەترین کارو دەستکەوتی ئەم ماوەیەی ژیانی تۆلستۆی دادەنرێت،کە چیرۆکی ئافرەتێکە بەتاوانێك تۆمەتباردەکرێت کە ئەنجامی نەداوە،هەروەها پیاوێکی نەبیلیش لە هەڵەکانیەوە باوەڕنەبون بڵاودەکاتەوە.

دواتریش له ساڵی 1898ڕۆمانی (شەیتان) دەنوسێت،کە گرنگی دەخاتە سەر خۆشەویستی و غیرە و لایەنە کوشندەکانی غەریزەی جنسی.

ڕۆمانی (الحاج مراد) کە دوای مردنی تۆلستۆی بلاوکرایەوە و چیرۆکی سەرۆك خێڵێکی شاخەکانی قەوقازمان بۆ دەگێڕێتەوە،لەم ڕۆمانەدا جارێکی دیکە ئەستێرەی تۆلستۆی دەدرەوشێتەوە بە وەسفکردنی وەك دەرونشیکارێکی بە ئەزموون و وەك ئەدیبێکی خاوەن قەڵەمی جیدی لە سەردەمەکەی خۆیدا.

لەساڵی 1862 تۆلستۆی (سۆنیا بیرس)ی مارەکرد،و ژیانێکی پڕ لەخۆشەویستی و خۆشبەختیان بەسەر برد.

ئەمەش لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی گڕگرتودا بەدیهات.

ئەو کات (سۆنیا) تەمەنی حەڤدەساڵان بوو، و تۆلستۆیش تەمەنی سی وچوار ساڵان بوو، وە پلەیەکی بەرزیشی هەبوو لە ناوبانگ و سەرکەوتنی ئەدەبیدا.

پاش ساڵانێکی درێژیش لە ژیانی هاوسەرێتی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەرکەوتنێکەوە دەڕۆشتن بۆ سەرکەوتنێکی دیکە،بەتایبەت پاش ئەوەی کە تۆلستۆی بوو بەیەکێك لە ئەدیبە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و وەك کەسایەتییەکی ناوازەی جیهانی وەدەرکەوت،کە لەهەموو جیهانەوە خەڵکی سەردانیان دەکرد ولێوەی فێردەبوون.

(سۆنیا) وەك تۆلستۆی لە بارەیەوە دەیوت"ژنێکی نمونەیی یە"13 منداڵی بۆ خستەوە،کە سیانیان مردن.

تۆلستۆی وەك هەموو جوتیارێك حەزی لە منداڵی زۆربوو، لەلایەکی دیکەشەوە سۆنیا خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو،دەرچووی زانکۆیەکی بە ناوبانگبوو، ئەمە جگە لە زمانی روسی چەندین زمانی دیکەی دەزانی وەك فەرەنسی وئەڵمانی و ئیتالی وئینگلیزی،ئەویش وەك هەموو کچانی تری توێژە ئەرستۆکراتییەکە.

لە ساڵانی بەر لەشوکردنیشی، سۆنیا چەند کتێبێکی ئەدەبی نوسی.

دوای شوکردنیشی هەموو هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بۆ یارمەتیدانی مێردە بلیمەتە هونەرمەندەکەی تەرخانکرد کە لەبارەیەوە دەڵێت"مێردێکی تەواو گونجاوە بۆ نوسین".

بەجۆرێك ئەم مێردە نوسینەکانی خۆی دەخستە بەردەستی،ئەویش هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیاننوسێتەوە و ئامادەییان کات بۆ بلاوکردنەوە.

تۆلستۆیش لە پیشاندانی چەند لایەنێکی کەسایەتی ژنانەی پاڵەوانەکانی پرسی پێدەکرد و سودی لێدەبینی و بەکاریدەهێنا لە ڕۆمانەکانیدا.

ئەم ژیانە میسالییەی نێوان ئەم دووانە و ئەو لەیەکگەشتن و خۆشبەختیە هاوبەشە نزیکەی 40 ساڵی خایاند،تاوەکو ئەو کاتەی کارەساتەکە هات و تۆلستۆی تەمەنی گەشتە 70 ساڵان.

لێرە بەدواوەوە تۆلستۆی وازی لە ژیان هێنا و زەوییەکانی بەخشی بە کەسە نزیکەکانی و قازانجی کتێبەکانیشی بەخشی بە ژنەکەی و جل و بەرگی هەژارانەی پۆشی و لەو کێڵگانەدا کە لەچواردەوری شارەکەیدا بوون ئەوەندە ئیشی دەکرد کە بەشی ژیانی بکات.

لەو کاتەدا ناو و ناوبانگی تۆلستۆی وەك فەیلەسوفێکی تازە کە خاوەن بیروڕای تازەیە بلاوبوبویەوە،و خەڵکی بەدوایدا دەگەڕان بۆ ئەوەی زیاتر لە تێڕوانینەکانی شارەزابن دەربارەی ژیان و بوونەوەر.

لەکاتی ژیانیشیدا لەو کێڵگانە چەند خوێندکارێك لەوانەی کە بڕوایان بە هونەرەکەی هەبوو لەدەوری کۆبونەوە و هاوکارییان دەکرد لە جێبەجێکردنی بیروڕاکانیدا.

لەنێوان ئەو خوێندکارانە و سۆنیای ژنیدا شەڕێکی توندهەبوو.

ئەو خوێندکارەکانی بە دز و دوو روو ناوزەددەکرد و دەیوت نیازی سەروەتەکەیان هەیە پاش ئەوەی مێردەکەی ئارەزوویەکی کوشندەی هەیە بۆ وازهێنان لەهەموو ئەو شتانەی کە خاوەنییەتی.

سۆنیا دەستیکرد بەنوسینەوەی بیرەوەرییەکانی،کە تیایدا گلەیی لەم مێردە شێتە و خوێندکارە سودمەنبوەکان دەکات لەسەر حیسابی ئەو و حیسابی منداڵەکانی و خوشبەختی خێزانەکەی.

ماڵی تۆلستۆیش وەك جەهەنمێكی لێهات،بەجۆرێك سۆنیا بەهەموو توانایەكییەوە شەڕی پاراستنی ماڵ وموڵكەكەی دەكرد و هەوڵی ئەوەی دەدا پیاوەكەی لەو حاڵە دەربازكات ووەها بكات ئەو جل و بەرگەی بەری فڕێبدات و لە كوخی جوتیارەكاندا نەخەوێت وواز لە بەخشینی ئەو شتانە بهێنێ كە لە بێبەرامبەردا دەیبەخشین بە ئەوانی دی.

لەبەرامبەر ئەم ململانێ توندەدا،رۆژێك تۆلستۆی سواری شەمەندەفەر دەبێت و بێ هیچ ئامانجێكی دیاریكراو شارەكەی خۆی بەجێدێڵێت،سوریشبو لەسەر ئەوەی كە لە بەشی سێهەمی شەمەندەفەرەكەدا سواربێت كە شوێنێكی قەرەباڵغ وپڕ مەترسیبو بۆ سەر تەندروستی،چونكە لە هەشتا ساڵی تێپەڕیكردبو،هەر بە فیعلیش تۆلستۆی سییەكانی توشی هەوكردن هاتن.

(سۆنیا)ش هەر كە شوێنەكەی زانی بەهۆی ئەو خوێندكارەی كە لەگەڵیدا بوو بەهاوڕێیەتی پزیشكێك لەشوێنێكی خراپدا لە هێڵێكی ئاسن دا دۆزییانەوە،دواتریش كچەكەی دەچێت بۆ لایان.

ژنەكەی ویستی پیاوەكەی ببینێت،بەڵام هەموان بەكچەكەشیەوە نەیانهێشت بیبینێت.

لە 20ی نۆڤەمبەری ساڵی 1910 تۆلسۆی لەتەمەنی 82 ساڵیدا بەهەمان نەخۆشی دەمرێت،دواین وشەشی ئەمەبوە(هەموو شتێك كۆتایی هات،ئەمەش كۆتاییەكەیەتی،كە گرنك نیە).

بەڵام ژنەكەی چەند ساڵ دواتریش ژیا،و هەموجار بەرگری لەخۆیدەكرد دژی ئەو تۆمەتانەی كە خەڵكی بۆیان دروستدەكرد كە گوایە سەرچاوەی ئازارێكی گەورەبوە بۆ مێردە بلیمەتەكەی لە دواین رۆژەكانی ژیانیدا.

<u>تۆلستۆی لە روبەڕوبونەوەی حەقیقەتدا</u>

مەنهەجی ژیان:

تۆلستۆی لەساڵی 1828 لە گەورە خێزانێكی ئەرستۆكراتی و نەبیل لە دایكبوە،كە لە رادەبەدەر دەوڵەمەندبون،لە دووهەم ساڵی ژیانیشید دایكی دەمرێت،هەر زۆر بەخێرایش باوكیشی لە دوای ئەو دەمرێت كە خویەكی سەیر گرتبوو بە كحولەوە.

هەربۆیە تۆلستۆی كەسە نزیكەكانی بەخێوی دەكەن وژیانێكی خۆش بەسەردەبات.

لە شانزە ساڵیدا پەیوەندی دەكات بەزانكۆی(كازان)ەوە،بەڵام بەهۆی سیستەمی خوێندنەكەیەوە نەیتوانی تیایدا بمێنێتەوە و بڕیاریشیدا پشت بەخۆی ببەستێ و لەماڵدا خوێندنەكەی تەواوبكات.

چەند ساڵێك تێنەپەڕی توانی چەند زمانێك فێربێت و لەزانستە سروشتی وكۆمەڵایەتی و بیركاری و موسیقی وهونەری و پزیشكی بەهەردوو بوارە (تیۆری وپراكتیكی)و كشتوكاڵ شارەزابێت.

بەم رۆشنبیرییە فراوانە و بەهرە ئەدەبیەوە،تۆلستۆی سەرەتای ژیانی ئەدەبی بە سێ كتێب دەستپێكرد كە ئەوانیش (منداڵی) و(مێرد منداڵی) و(گەنجێتی)ن.

خودی خۆشی پەیوەستكرد بەچەند رێسایەكی توندەوە(یەكەمجار بۆ چاككردنی ناشیرینیەكانی خۆی ودواتریش بۆ چاككردنی ئەوانی دی).

ئەو لە بیرەوەرییەكانیدا دەنوسێ:(چاكەبكە، وسوریشبە لەسەر ئەوەی كەس نەزانێ چاكە دەكەیت بۆ ئەوەی بەرامبەر خۆت سەرسامنەبی و لەخۆت بایی نەبی،لە هەموو ئەوانەشی كە لەگەڵیاندا هەڵسوكەوت دەكەیت بەدوای لایەنە چاكەكانیاندا بگەڕێ،ئامان بەدوای لایەنە خراپەكانیاندا بگەڕێیت،هەموو جاریش راستی بڵێ هەرچەندە دژی خۆشت بێ).

پرسیارە یاخییەكە:

ئەو پرسیارەی كە تۆلستۆی بەردەوام ئازاردەدا ئەمەبوو:ئامانجی ژیان چیە؟

تۆلستۆی بۆ وەڵامی ئەمە تێڕوانینێكی ووردی كرد بۆ سروشتی مرۆڤ و بوونەوەرەكانی دیكە و بۆی دەركەوت كە هەموو شتێك لە كەوندا گەشە دەكا وپێدەگا و هەوڵی وەدیهێنانی ئامانجێكی گشتی دەدات كە عەقڵەكانیش دركی پێناكەن دوای ماوەیەك نەبێت..و گەشت بەوەشی كە ژیان بریتی یە لە(هەوڵدانێكی بەردەوام بۆ دەستەبەركردنی ئەو ئامادەباشییانەی كە وادەكات ئەم گەشەسەندنە گشتگیرە ئامانجەكانی خۆی بەدیبێنێت) و ئەوەشی بۆ دەركەوت ئەمە بەدینایەت ئەگەر جیدییەتیەكی رەها و ریسایەكی توندە نەبێت،لە نامەیەكیدا بۆ یەكێك لە هاوڕێكانی دەنوسێت(لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەگەر بیەوێ بە شەرەف و كەرامەت بژی كە پارچە پارچەبێت وململانێی هەموو رێگرەكان بكات،ئەكەر هەڵەشی كرد لەسەرەتاوە دەستپێبكاتەوە،وە هەرچی جارێكیتریش دۆڕا دەستپێبكاتەوە،لەوەش دڵنیابێ كە گەڕانەوە بۆلای ئیسراحەت ودانیشتن خراپترین شتێكی رۆحە و مانای رووخان دەگەیەنێ).

تۆلستۆی هەمووجار ئەگەر هەستی بە سستییەك یان بۆ داوە هاتنێك بکردایە خودی خۆی ئازار دەدا،لە بیرەوەرییەکانیدا کەتەمەنی (20)سالانە نوسیویەتی(هیچ کارێکم ئەنجامنەداوە،ئەمەش چەند ئازارم دەدات ودەمترسێنێ،ژیان، لەگەڵ پەشیمانیشدا،ئازارێکی قوڵە! خۆم دەکوژم ئەگەر سێ رۆژی تر تێبپەڕێت و کارێکی وەها نەکەم سودێك بە خەڵکی نەگەیەنێت!).

رێگرییەکان لە رێگادا:

ئەم لاوە گەورە دەبێت و لەگەڵێشیدا ئازارەکان گەورەتردەبن:

بوبەخاوەنی زەوییە فراوان وپڕبەرهەمەکان،و ژنێکی ئەرستۆکراتیشی بەناوی(سۆنیا) هێناو چەند منالێکیان بوو.

وهاش سەیری ئەو جوتیارانەی دەکرد کە لەزەوییەکەی ئەودا ئیشیان دەکرد بۆئەوەی ئەم دەولەمەندترکەن،کەچی خۆیان جگە لە ئارەق ڕشتن وماندووبونەکە زیاتر هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

هەروەهاش وەها سەیری ئافرەتی لادێی دەکرد(لەدایکدەبێت ودەمرێت بێ ئەوەی شتێك ببینێت یاخود شتێك ببیستێت!).

هێدی هێدیش لەژیانی خێزانداری و هاوشێوە دەولەمەندەکانی پاشەکشەی کرد..بۆچی وەهاش نەکات ئەو کەهەموو رۆژێك کاتێك لە ماڵەکەی خۆی دەهاتە دەرەوە:(کۆمەڵێك لەو دەرۆزەکەرانەی دەبینی کە بەجلە دڕاوەکانیانەوە دەستی بۆدرێژدەکەن و شتێکیان بداتێ، ئەویش گوێیان ناداتێ،بەڵکو بەسواری ئەسپەکەیەوە بەخێرایش تێدەپەڕێت وەك ئەوەی کە هیچ شتێکی نەبینیبێت!).

بۆیە بەخودی خۆی دەووت:(سادەترین جوتیار لەوانەی کە لە زەوییەکەی تۆدا ئیش دەکەن دەتوانێت لە روتا بوەستێت وپێت بلێت:تۆ شتێك دەلێیت و بەپێچەوانەیەوە رەفتار دەکەیت، ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟).

هەربۆیە دەستیکرد بەنوسینی چەند وتارێك کە داوای یەکسانی دەکرد لەنێوان خەلکیدا و ژمارەی ئەو وتارانەشی کەنوسینی گەشتە دە هەزار نامە،تەنانەت نازناوی(پارێزەری ملیۆنێك جوتیاری روسی بەسەردا برا) وئەمریکییەکانیش بە(هاوولاتیەکی جیهانی)ناوەزدەیانکرد.

ژنەکەشی ترسی لەوە پەیداکرد کە ئەم بیرکردنەوە میسالییانە دووریبخاتەوە لێی و سەرەوەتەکەی بەسەر ئەوانەدا دابەشبکات کە کاری تیادا دەکەن،هەربۆیە بەهەرەشەیەکەوە پێی ووت:(واپێدەچێت ژیانمان رەووە دابڕان بڕوات،باوەهابێ..من وتۆ هەر لەسەرەتاوە لە یەکتری جیاوازبوین..دەتەوێت من ومنالەکانیشت بکوژی بەم جۆرە وتارانە؟من رێگای ئەوەت نادەم!).

تۆلستۆی خوازیاری ئەوەنەبوو کە بگاتە ئەو ئاستە،ئەو دەترسا-وەك هەموجار- دەیوت:کە بەسەر جەستەی ئەوانی دیکەدا بڕوات،چ جای ئەوەی کە نزیکترین کەسەکانی خۆی بێت؟).

<u>شەڕ و ئاشتی</u>

تۆلستۆی هیچ شتێکی دیکەی شك نەبرد کە پەنای بۆ ببات و خەم و فیکرەکانی تیادا بلاوکاتەوە جگە لەنوسین،رۆمانە جوانەکەی(شەڕ و ئاشتی) کە لە ساڵی 1863دا دەستپێیکرد و نزیکەی 6 ساڵی بەردەوامی خایاند کە مەلحەمەیەکی مێژووییەو چوارچێوەیەکی زەمەنی درێژ دەگرێتەوە و گرنگی خستۆتە سەر قۆناغی پێش و پاش داگیرکرنی روسیا لەلایەن ناپلیۆنەوە،و نزیکەی 600 کەسایەتی تیادایە کە تۆلستۆی وەدوای ژیانی هەمویان دەکەوێت وجیهانە نارۆشنەکەی ناوەوەیان رۆشن دەکاتەوە.

هەر ئەمەش مایەی سەرسامی رەخنەگران و نوسەرانە.

(مەکسیم گۆرگی)کاتێك ل خوێدنەوەی ئەم رۆمان دەبێتەوە دەلێت:(سەیرکەن چ مرۆڤێك لەسەر ئەم زەوییە دەژی!ئەم رۆمانە هاوشێوەی ئەلیازەی هۆمیرۆسە..ئەمە چاکترین کارێکی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیە).

(تۆرژینێف) دەلێت:(تۆلستۆی لەپلەی یەکەمی نوسەرە هاوچەرخەکاندایە).

(فلۆپێر)یش دەلێت:(ئەمە کارێکە لە پلەی یەکەمدایە).

(مۆپاسان)یش دەلێت:(ئەمە دۆزینەوەی جیهانێکی تازەیە بەتەواوەتی) جیهانێك لەسەر لاپەڕەکان..کە وادەکات خاوەنەکەی بەناوبانگ بێت ..ئایا هەر ئەمەشی ناوێت؟

<u>ئاناکارنینا</u>

لەساڵی 1877 تۆلستۆی دووەمین کاری جوانی خۆی نوسی(ئاناکارنینا) و بەم رستەیە دەستی پێدەکات:(هەموو خێزانە خۆشبەختەکان هاوشێوەن،بەلام خێزانە هەژارەکان هەریەکەو چیرۆکێکی جیاوازی خۆی هەیە،هەژارییەکەشیان تایبەت و ناوازەیە).

دەربارەی ئەم رۆمانەش (دیستۆڤیسکی) دەڵێت:(هیچ کارێکی ئەدەبی ئەورووپی نیە کە بتوانێت بەراوردیبکەین بە ئاناکارنینا).
ئەم رۆمانەش باس لە ژنێکی ئەرستۆکراتی دەکات کە لەژیانی ژن ومێردایەتیدا تێکدەشکێت،هەر ئەمەش وەهای لێدەکات کە خۆی بخاتە ژێر شەمەندەفەرێکەوە و خۆی بکوژێت.
بەڵام رۆمانە گەورەکەی دیکەی(البعث) کە تۆلستۆی لە هەواڵی رۆژنامەیەکەوە ئیلهامی لێوەردەگرێت و باس لە دەوڵەمەندێك دەکات کە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی دەستەی سوێندخۆران بۆ دادگایکردنی ئافرەتێك،هەر چاوی دەکەوێتە سەر ئافرەتەکە یەکسەر ئەوەی بیردەکەوێتەوە کە بەر لە دوو ساڵ پێش ئێستا ئەم ئافرەتەی بینیوە و فریوداوە و دواتر وازیلێهێناوە ،هەربۆیی روەو هەڵدێر هەڵیناوە،ئەم روداوەش کاری تێدەکات بۆیە بریاردەدات کە هەموو ژیانی بگۆڕێت، ولەمەشدا سەردەکەوێت.
بۆیە بریاردەدات کە هەموو ژیانی بگۆڕێت، و لەمەشدا سەردەکەوێت.

ئامانجی هونەر وژیان

تۆلستۆی بڕوای وەهابوو ئامانجی سەرەکی هونەر (لابردنی دەمامکە لەسەر حەقیقەتی رۆحی مرۆڤ) و هونەری تەواوەتیش لە (سادەیی وکورتی و ئاشکرایدایە).
لەپێناوی ئەمەشدا هەوڵێکی زۆری دا و هەموو وزەی خۆی بەکارهێنا.
ئەوەتا دەڵێت:(من بۆ کارەکەم هەموو ژیانم بەخشیوە..هەر ئەوەش هەموو بونی منە).
ئەو لەهەمانکاتیشد داوایدەکرد بەهەموو وەسیلەیەك (کە مرۆڤایەتیمان خۆشبوێت و تەسلیمی هێزە شەڕخوازەکان نەبین) و دەیوت(پێویستە لەسەر هەموو زیندوویەك کە خەبات بکات لە پێناوی ژیاندا تا دواهەناسە).
خەڵکیش لە روسیا و هەموو ئەورووپادا بەدوای هەواڵییەوە بوون و بەشداری ناخۆشییەکانی بوون لەگەڵ خێزانەکەیدا وبەشداری رۆژی لەدایکبونیشیانکرد لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا و کرا بەرۆژێکی نیشتیمانیش.
تۆلستۆیش بەو خۆشی دەربرینە زۆر دڵخۆشبوو،و ڕەنگیشە وەك قەرەبوویییەك سەیرکردبێت لە تێکشکانیدا لە وەدینەهێنانی ئامانجە گەورەکەیدا کە زۆر سوربوو لەسەری ئەویش(بەشداریکردنە لە دروستکردنی جیهانێکی تازەدا کە خاڵیبێت لە شەڕ و نەخۆشی ونەهامەتی ،و هەموو خەڵکیش وەك برا بە خۆشی بژین).
سەرچاوە/
سایتی ئیلاف